# قارِنیٚ هێمایەك بۆ كۆمەڵكوژی كوردان ,
# خاڵێك بۆ ڕسواكردنی كۆماری ئیسلامی ئێران

**عەلی مەحمود محەمەد**

2007-8-16

www.anfal.be



**گوندی قارِنیٚ**

كۆماری ئیسلامی ئێران لە گەیشتنی بە دەسەڵاتەوە تاكو ئێستا سەدان و هەزاران تاوانی بە دژ بە تاك و كۆمەڵی گەلەكەمان لەو پارچەیەی كوردستان ئەنجام داوە , ئەمەش تایبەتمەندی سستەمی دیكتاتۆری و ئیستبدادی ڕژێمەكەیە , هەر چاوەڕوانی كاروكردەوەی لەم شێوەیەی لێدەكرێت , ئەوە تەنها لە سستەمی ئازاد و دیموكراسییە تاوانی كۆمەڵكوژی ئەنجام نادرێت , هەرچەندە زۆرجار وڵاتە دیموكراتەكان لە وڵاتانی دی ڕێگە خۆشكەر یان ئەنجامدەری تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جەنگ و كۆمەڵكوژی و ژینۆساید بوونە , لەم بارەیەوە نموونەمان زۆرە , لاپەڕەی مێژووش پڕە لە پەڵەی وا .

دیارە هەموو تاوانێكی كۆمەڵكوژی ناچێتە خانەی ژینۆسایدەوە , وەلیٚ هەموو كردەیەكی ژینۆساید كۆمەڵكوژییە , بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی ژینۆسایدن دژ بە نەتەوەكەمان ئەنجامدراون بە پێوەرە جیهانییەكان كاڵ نەكەینەوە , وامان لێدەخوازێت هەموو كۆمەڵكوژییەك بەرامبەر بە گەلەكەمان بە ژینۆساید ناو نەبەین . وەك چۆن تاوانی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە ناچێتە خانەی چینۆسایدەوە , بەڵكە تاوانی جەنگ و كۆمەڵكوژی و دژ بە مرۆڤایەتییە , هەرچەندە هەڵەبجە بۆتە ناسنامەی نەتەوەكەشمان , ژینۆساید بە تایبەتمەندییەكانی تاوانەكە دەناسرێتەوە نەك ژمارەی قوربانیان و قەبارەو دڵڕەقییەكەی , بە هەمان شێوە تاوانی قارِنێش تاوانێكی دژ بە مرۆڤایەتی و كۆمەڵكوژی دەتوانین ناوزەدی بكەین , وەلیٚ ناچێتە چوارچێوەی تاوانی ژینۆسایدەوە , ئەم تاوانە بچووك نییە و كەمتر نییە لە تاوانی دوجەیل " خەڵكی قارِنیٚ وەك كورد و سونە كۆمەڵكوژی كراون " كە سەرانی بەعسی لەسەر لە سێدارەدرا .

لە تاوانی قارِنیٚ گروپێك لە مرۆڤەكان دەكەونە بەر شاڵاوی قڕ كردن ژمارەیان لە دەوروبەر 61 هاووڵاتی لە منداڵ , پیر , پەككەوتە ,

ئافرەت پێك هاتوون , چەند ماڵێکی گوندەکە ئاگریان تێبەردەدرێت نەك هەموو , ئەم گروپە بە بڕیار لە دەستەی باڵای دەسەڵاتەوە لە پایتەخت دیاری نەکراون بە کوشت و بڕی بە کۆمەڵ , وەك چۆن لە ئەنفالدا بە بڕیاری 4008 ی سەرکردایەتی شۆڕشی پارتی بەعس دیاریکران , یاخود جووەکان .... .

نەخشەی کوشت و بڕی گوندی قارنێ لە ئورمێ و نەغەدەوە داڕێژرا نەك لە تارانەوە , نەخشەیەکی سەرتاپاگیر نەبوو بەرامبەر بە گەلی کورد . هەرچەندە لەو کاتە زۆر ڕوداوی لەو چەشنە دووبارە بوونەوە , وە فتواکانی ئیمام خومەینی و پەیامەکانی بەنی سەدر و کردارەکانی خاڵخاڵی هەموو ئاماژەن بۆ بڕیارێکی ڕانەگەیەنراو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دژ بە کورد .

## تاواني قارنيَ

قارنێ هەڵکەوتووی 10 کم شاری نەغەدەیە کەوتۆتە سەر چوار ڕیانێك , لە سنووری شاری شنۆو لاجانە , ژمارەی ماڵەکانی لەوکاتە نزیك 60–70 ماڵێك بوو , ئەم گوندە سەر بە ناوچەی سوندسە , ئەو ناوچەیە زیاتر لە 40 گوندی ئازەری زمانی تێدایە , لە پاڵ دوو ئەوەندە گوندی کورد نشین , ئازەرییەکان تورکی زمانی شیعە مەزهەبن , ڕژێم بە هەموو شێوەیەك هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی دەدا لە ناوچەکە لە نێوان کورد و ئازەرییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە جیایی زمان و مەزهەب .

دیارە ئەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهبیە ئاڵۆزەی ناوچەکە , لە میاندوابەوە بۆ نەغەدە و ورمێ و .... لە داهاتوو لوغمێکی لە کەرکووك مەترسیدارترە بۆ تەقاندنەوەی شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی لەو ناوچەیە , بە تایبەت لە کاتی یەکلاکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی ناوچەکە لە ڕوی جوگرافیاییەوە , بۆیە وا پێویست دەکات هێزە کوردییەکان لە هەنووکەوە کێشەکە بە جدی وەربگرن و نەخشە کاریان بۆ چارەسەرکردنی هەبێت .

شوێن بەرزاییەکانی نزیك پادگانی دوو ئاوێیە , کات مانگی خەرمانان و کاتی خەرمان هەڵگرتنەوەو کارو کاسبی جوتیارانە , ڕۆژ 10ی خەرمانانی ساڵی 58 دەکاتە 1 ی سەپتەمبەر , دوو پێشمەرگەی حدکا یەکیان بەناوی محەمەد عەلی پیرێژنە . بۆسەیەك بۆ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنێن , لە ئەنجامدا 16پاسدار دەکوژن و دووی دیکەش بریندار دەکەن , دوواجار یەکی دیکە لە برینداەرکان دەکوژرێت و محەمەد عەلیش گیانی بەخت دەکات .

ڕۆژی 11ی خەرمانان هێزەکانی ڕژێم لە سوپای پاسداران لە نەغەدەو جەڵدیانەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی دووئاوە, لەوێ دووبرا بەناوەکانی " عەبدوڵڵە خاڵنە و مینە خاڵنە" ی تەمەن 65–70 ساڵە شەهید دەکەن .

لە کاتی گەڕانەوەیان بە قارنێیا , لەسەر ڕێوە , 3 منداڵی بەرخەوان دەبینن , لە کاتێکا ئەو منداڵانە لە ترسی پاسدارەکان زارەترووك ببون و باوەشیان بە یەکدا کردبوو , لە لایەن پاسدارەکانەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولەو شەهید دەکرێن , دوانیان ناسراون بە ناوەکانی " ڕەحمان ڕامینی , خاتوو زین ڕامینی ,....(ناوی سێیەم نەزانراوە) " .

دوای ئەو منداڵانە , سەرەتا دەگەن بە 3 شوان , هەرسێکیان شەهید دەکەن بە ناوەکانی " ئەبو بەکر مستەفا زادە , سەید ئیسماعیل تاهیری , حەسەن ... " هاوکات دوو شوانی دیکەش بریندار دەکەن , ئەوان لە ترسا خۆیان دەشارنەوە .

مەعبودی کە لە کاتی شادا سەرمایەدار بوو و دوکانی فرۆشتنی تراکتۆری هەبوو , وە لە کاتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتداری باڵا بوو لە ناوچەکە " زۆربەی دەسەڵاتدارانی سەردەمی شا لە کاتی خومەینی مانەوە ", پەیمان بە خەڵکەکە دەدات پارێزراون , حاجی عەزیم مەعبودی و موراد قەناری دوو عاملی ئەساسی بوون لە خۆشکردنی شەڕی نەتەوەیی لە ناوچەکە , پێویستە ئەم ناوانە پارێزراو بن .

سوپا به بڵندگۆ بانگ له خه‌ڵكه‌كه‌ ده‌كه‌ن بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ ماڵه‌وه‌ , چونكه‌ له‌و كاته‌ هه‌موو له‌سه‌ر كار بوون , له‌ ناو قاڕنێ سه‌ره‌تا هێرش ده‌كه‌نه‌ سه‌ر ماڵ حاجی ڕه‌حمان شه‌ریفی ئازه‌ر , ئاگر له‌ ماڵه‌كه‌یان به‌رده‌دن , له‌ كۆی 6 كه‌س , 5یان شه‌هید ده‌كه‌ن " زیندووه‌كه‌ش خۆی كردبوو به‌ مردوو " بۆیه‌ ڕزگاری بوو ,, كوڕێكیشی پێشتر له‌ لای شوانه‌كان بریندارببوو .

ناوی به‌شێك له‌ قوربانیانی گوندی قاڕنێ , جگه‌ له‌وانه‌ی له‌ سه‌ره‌تا هاتووه‌ :

1- حاجی ڕه‌حمانی شه‌ریفی ئازه‌ر
2- ئامینه‌ چاوشین "هاوسه‌ری "
3- عوسمان شه‌ریفی ئازه‌ر "كوڕی"
4- خالید شه‌ریفی ئازه‌ر "27ساڵه‌"
5- ڕه‌حیم سلێمانی "20 ساڵه‌"
6- سه‌ید فه‌تاح تاهیری "30 ساڵه‌"
7- ڕه‌حمان سلێمانی
8- كه‌ریم سلێمانی
9- ڕه‌حیم سلێمانی
10- وه‌ستا مه‌حمود "65 ساڵه‌"
11- سه‌ید قادر تاهیری "65 ساڵه‌"
12- سه‌ید فه‌تاح تاهیری "30 ساڵه‌"
13- سه‌ید ئیسماعیل تاهیری "40 ساڵه‌"
14- سه‌ید عه‌لی تاهیری "70 ساڵه‌"
15- سه‌ید ڕه‌حمان تاهیری "50 ساڵه‌"
16- سه‌ید محه‌مه‌د تاهیری " 35ساڵه‌"
17- عوسمان مسته‌فا زاده‌ "27 ساڵه‌"
18- جه‌عفه‌ر مسته‌فا زاده‌ "17 ساڵه‌"
19- ئه‌بو به‌كر مسته‌فا زاده‌ "20 ساڵه‌"
20- ئه‌حمه‌د ڕامینی "20 ساڵه‌"
21- ڕه‌حمان ڕامینی
22- عومه‌ر بێواسی "50 ساڵه‌"
23- جه‌عفه‌ر بێواسی " 25 ساڵه‌"
24- مسته‌فا سیدی "20 ساڵه‌"
25- محمد عه‌زیز "18 ساڵه‌"
26- مسته‌فا عه‌زیزی "22 ساڵه‌"
27- شه‌ریف ئابروشین "75ساڵه‌"

28- محێدین ئابروشین " 40 ساڵە"
29- ڕەحیم خوسرەوی "75 ساڵە "
30- ئەبو بەکر خوسرەوی " 40 ساڵە"
31- عەبدواڵلە خوسرەوی "30 ساڵە"
32- عەلی " خەڵکی گوندی دووئاوە لە قاڕنێ شوان بوو "
33- ئیبراهیم گیەر"55 ساڵە"
34- ڕەحمان ئابزەند "65 ساڵە"
35- ئیبراهیم ڕەسوڵی " 60 ساڵە لاڵ بوو "
36- سەید کەریم ئەروەندی "30 ساڵە"
37- سلێمان هەمزە پوور "19 ساڵانە 1 لاقی هەبوو "
38- مەلا مەحموودی بێهترزادە "60 ساڵانە"
39- سەید عەلی تاهیری .

مەلا مەحموود , مەلای گوند , لە کاتێکدا قورئانی گرتبوو بە دەستییەوە و هانای بۆیان هێنا دەست لە کوشت و بڕی ئەو خەڵکە هەڵبگرن , ئازایانە بەرەو ڕویان بیووەوەو وتبووی : ئێوە لە تەرمەکانیشمان دەترسن , بەڵام هەر دەگەین بە ئاواتەکانمان.

دوای ئەوەی قورئانەکەی لەدەست وەردەگرن و فڕێی دەدەن , سەری دەبڕن , لەبەر خاتر قورئانەکە مەڵا سەر دەبڕن بۆ ئەوەی ئازاری نەبێت وەك ئەوانی دیکە , پاشان چەند فیشەکیش دەنێن بەمێکیشیەوە , مخابن سەری مەلا ون دەبێت , ئێستا مەلا بەبێسەر نێژراوە .

سەید عەلی تاهیری دوای ئەوەی چەند کەس لە خێزانەکەی شەهید دەکەن , دەستەکانی دەبڕنەوە ئەوجا شەهیدی دەکەن .

دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە ڕژێم تاوانکاران پاداشت دەکات لە بری ئەوەی سزایان بدات .

لە دوای کارەساتەکە , تاوانباران تەرمی قوربانیان دەکەنە ناو ماشین و بە کەڵەکە کراوی لەسەر یەك , ئەوەشی جێگای نەبوەوە بە دوای ئۆتۆمۆبێلەکانیانا ڕایدەکێشن بەرەو نەغەدەیان دەبەن , لە نەغەدە تەنانەت سوکایەتی بە تەرمی ئەو منداڵە کەمتر لە 10 ساڵانەیە کراوە , 5 تەرمی لە ژێر زبڵدانی شارەوانی دەشارنەوە , ئەوانی دی لە ڕۆخی شەقامەکان فرێدەدەن , تاکو ئێستاش هەموو قوربانیان نەهێنراونەتەوە بۆ قاڕنێ .

خەڵکی قاڕنێ دوای کارەساتەکە بۆ ماوەی مانگ و نیوێك گوندەکە چۆڵ دەکەن , لە گوندی کانی بۆداغ جێگیر دەبن .

ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە لەکاتی چۆڵکردنی گوندەکە ڕژێم جارێکی دیکە تاوانێکی دیکەی خوڵقاندەوە , دوو ڕۆڵەی دیکەی ئەم گوندەی شەهید کرد بە ناوەکانی :

1- عوسمان ڕامێنی .
2- مستەفا ئابزەند .

## چیکراوە بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل

تاوانی قاڕنێ یەکەم و دوا تاوان نەبوو بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان ئەنجام بدرێت , نموونەی لەو چەشنە لە گوندەکانی ئیندرقاش و قەڵاتان " 50 کەس " , دیلان چەرخ " 40 کەس "خەلیفەلیان " 21 کەس " زۆرە .

وەك بینیمان لە کاتێکدا رژێم ناسنامەی ئیسلامی بوونی هەڵگرتووە, کەچی مەلای گوند بە قورئانەوە و بە بەرچاوی خەڵکەوە سەردەبڕێت , هەروەها ئەگەر سەرنجی ورد بدەین ژمارەیەکی زۆری قوربانیان سەید و ئەهلی بەیت و لە نەوەی حوسێن و فاتیمەن .

مخابن ئەم تاوانانە لە لایەن پارت و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتەوە تاکو هەنووکەش هیچ گرنگی پێنەدراوە , بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1996 وەك رێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان , پاش قسەوباسکردنمان لەگەڵ چەند کەسێك لە باڵەکانی ئەوسای دیمکرات , ویستمان ئەو یادە بکەینەوە , کەچی مخابن لە لایەکەوە ئەوان تووشی هێرشی ناڕەوا بۆسەر کۆیە بوونەوە , لە لاکەی دییەوە ئێمەش لە ئابدا چارەنووسی خۆمان لە زیندان و هەڕەشەلێکردندا بینییەوە .

خۆشبەختانە لە دوای ساڵی 2002 ئەو خەونەهاتە دی , بە ئەنجامدانی کارو نووسین و بەیاننامە دەرکردنی 5 ساڵی ڕابردوو , ئێستا کارەساتی قاڕنێ خەریکە ببێتە سیمبولی کۆمەڵکوژی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلات , ساڵ لە دوای ساڵ گرنگی زیاتری پێدەدرێت .

لەم یادەدا کۆمەڵێك داواکاری دەخەمە بەردەست خەڵکی قاڕنێ و گوندە دەستە خوشکەکانی و هێزە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نووسەران و چالاکڤانانی ڕۆژهەلاتی کوردستان :

- یادی قاڕنێ بکرێتە ڕۆژی یادکردنەوەی دەیان هەزار قوربانی گەلەکەمان , ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی کورد دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران .
- هەوڵبدرێت هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستان ئەنجامدراوە , بکرێت بە دۆکمێنت , سیناڕیۆ سەقەتەکانی باشوور دوبارە نەکرێتەوە لەو پارچەیەی کوردستان , بە ژمارە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە قاوبدرێت نەك بە گۆترە .
- هەوڵبدرێت مۆنمێنتێك بۆ قوربانیانی قاڕنێ درووست بکرێت " ئەگەر کرا لە گوندەکە , ئەگەریش نا ئەوە بەشێوەی کاتی لە کوردستان یان هاندەران .
- تەرمی سەرجەم قوربانیان بهێنرێتەوە قاڕنێ و لە گۆڕستانێکدا لە پاڵ یەکتری بنێژرێنەوە .
- وێنەی سەرجەم ئەو قوربانیانە پەیدا بکرێت و ئەلبومێکیان بۆ درووست بکرێت .

**سەرچاوە :**

**سمینارەکانی مەلا برایم محێدین لەسەر قاڕنێ , ساڵانە بۆ ناوەندی چاك لە هۆڵەندا دەیگێڕێت .**

**کارەساتی قاڕنێ لە زمانی دانیشتوانی گوندەکەوە , چاودێر ژمارە 94 بەرواری 11-9-2006**